# سیاسەتی شیاندنەوەی دامەزراوەی چاکسازی و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەندکراوان پاش ئازادبوونیان لە بەندیخانە

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە دامەزراوەی چاکسازیی گەورانی هەولێر)

توێژەر: م.ی.شەرمین ولی علی

مامۆستا لەبەشی کاری کۆمەڵایەتی-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەڵاحەددین

قوتابی خوێندنی باڵا-دکتۆرا- بەشی کۆمەڵناسی-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەڵاحەددین

ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٤/١٥

**پوختەی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ڕەوشی شیاندنەوەی زیندانیکراوان لە پرۆسەی چاکسازیدا. تا چەند پرۆسەکە کاریگەری لەسەر بەندکراو جێدێڵێ، هەروەها خستەڕووی میکانیزمی بەڕێوەچوونی پرۆسەی شیاندنەوە و کاریگەری پرۆسەی شیاندنەوە لەسەر دووبارەنەکردنەوەی تاوان. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە دامەزراوەی چاکسازی گەورانی هەولێر، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە پسپۆڕان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە هەولێر کە ژمارەیان (٨)کەسە. ئامرازی چاوپێکەوتنی زانیاریبەخشی سەرەکی بەکارهاتووە. توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە وەک: سیستەمی شیاندنەوە لە چاکسازیدا بە پێی یاسا لە وەقائعی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە هەیە. بەندەکانی سیستەمی چاکسازی کوردستان تا ڕاددەیەک لە بەندەکانی یاسای سیستەمی چاکسازی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە کە بە سیستەمی (نێلسن ماندێلا) ناسراوە، بە هۆی نەبوونی شوێنی پێویست بۆ بەندکراوان کەموکوڕی لە چاکسازی گەورانی هەولێر هەیە، بەندکراوانی سزای (لە سێدارەدان و هەتاهەتایی)ش لە چاکسازیی هەیە لە کاتێکدا پرۆسەی شیاندەوە ئەوان ناگرێتەوە. (وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ڕۆڵێکی لاوەکی هەیە لە بەدواداچوون و دابینکردنی پێویستییەکانی چاکسازییەکە، فشارێکی زۆر لەسەر توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەیە بە هۆی ژمارەی زۆری بەندکراوان، بەکارهێنەرانی (ماددەی هۆشبەر)یش لە چاکسازیدان، لە کاتێکدا بەپێی یاسا ئەوان بە تاوانبار هەژمار ناکرێن، لە میانەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەک خراوەتەڕوو بۆ باشترکردنی ئەم پرۆسەیە.

**کلیلەکانی توێژینەوە:** (.شیاندنەوە (Rehabilitation )، دامەزراوەی چاکسازی (Correctional institution)، بەندکراو (prisoner).

**پێشەکی:**

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا کەسانی لە یاسا لادەر هەن، ئەمانەش بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بە کەسی لادەر هەژماردەکرێن و یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بە چاوێکی مەترسی سەیریان دەکات، ئەم کەسانە بە پێی یاسا دەخرێنە بەر سیاسەت و پرۆسەی شیاندنەوە نەک تۆڵە و سزادانیان، لە کوردستانیش لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە یاسای چاکسازی

sjh@univsul.edu.iq

دەرچووە و بە پێی ئەم یاسایە تا ئێستا ٦ چاکسازی کراونەتەوە بۆ ڕاستکردنەوە و شیاندنەوەی ئەم تاکە لادەرانە و گەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە وەک: ئەو ستراتیژ و بەرنامانە کامانەن کە لە چوارچێوەی پرۆسەی شیاندنەوەی دامەزراوە چاکسازییەکان دەگیرێنەبەر بۆ بەندکراوان، هەروەها ئەم پرۆگرامانە تا چەند بوونەتە مایەی سوود بۆ بەندکراوان دوای ئازادبوونیان لە چاکسازی گەورانی هەولێر. ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەن پێکهاتووە کە تیۆری و مەیدانین لە ڕێگەی پێنج بەشەوە خراوەتەڕوو، بەمشێوەیە:

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم: گرفت و گرنگی و ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/ گرفتی توێژینەوە:**

وەک دەزانرێت ساڵانە بەندکراوێکی زۆر بەهۆی ئەو تاوانانەی کە ئەنجامی دەدەن دەچنە بەندیخانەوە، بەشێکی زۆر لەو بەندکراوانە، دوای دادگاییکردنیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەدا دەمێننەوە، کە هەر یەکەیان بە پێی جۆری تاوان و ئەو ماددە و حوکمەی بەسەریدا دەسەپێنرێت، کە ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێت. بۆیە دامەزراوەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی، سیاسەتی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ڕاستکردنەوە و شیاندنەوەی کەسی بەندکراو، کە خۆی لە سیاسەت و میکانیزمی دیاریکراودا دەبینێتەوە، تا بەندکراوەکە بتوانێت دوای تەواوبوونی ماوەی زیندانیکردنەکەی بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگا، وەک تاکێکی ئاسایی لە دەرەوەی بەندیخانە دەستبکاتەوە بە ژیانی تایبەتی خۆی. لێرەدا پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە:

١.ئەو ستراتیژ و بەرنامانە کامانەن کە لە چوارچێوەی پرۆسەی شیاندنەوەی دامەزراوە چاکسازییەکان دەگیرێنەبەر بۆ بەندکراوان؟

٢.ئەم پرۆگرامانە تا چەند سوودیان بۆ بەندکراوان هەبووە دوای ئازادبوونیان؟

٣. هۆکاری دووبارە گەڕاندنەوەی بەندکراوان چییە بۆ ناو بەندیخانەکە ڕەنگە تاوانەکەی گەورەتربێ لە جاری پێشوو.

**دووەم: گرنگیی توێژینەوە:**

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکیدا خۆی دەبینێتەوە؛

١. بابەتی دامەزراوەی چاکسازی و سیاسەتی شیاندنەوەی بەندکراوان بە یەکێک لە بابەتە گرنگ و پێویستەکان دادەنرێت، لەو ڕووەوە کە تاچەند بەندکراوان سوودمەند دەبن لە میکانیزمی شیاندنەوەکە.

٢. لە ڕووی پراکتیکییەوە توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەیدانی لە نزیکەوە دیراسەی ڕەوشی بەندیخانە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی سیاسەتی شیاندنەوەی کردووە. لەسەر بەندکراوان دوای ئازادبوونیان.

sjh@univsul.edu.iq

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. بەدیارخستنی ڕەوشی پرۆسەی شیاندنەوەی زیندانیکراوان لە بەندیخانەدا.

٢. کاریگەریی پرۆسەی شیاندنەوەکە لەسەر بەندکراوان؟

٣. خستەڕووی میکانیزمی بەڕێوەچوونی پرۆسەی شیاندنەوەکە.

٤. کاریگەریی پرۆسەی شیاندنەوەکە لەسەر دووبارەنەکردنەوەی تاوان.

٥. تاچەند بەدواداچوون دەکرێ بۆ بەندکراوان لە دوای ئازادبوونیان؟

**باسی دووەم: ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە:**

**١.شیاندنەوە(Rehabilitation):**

شیاندنەوە بەشێکە لە تەکنیکەکانی چاکسازی لە نێو دامەزراوە چاکسازییەکان.(Wahi.2002, p96)

دەتوانین بڵێین ( شیاندنەوە بریتییە لە دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست وگونجاو بۆ گێڕانەوەی تاوانبار وەک ئەندامێکی بەسوود لە کۆمەڵگادا.)(Wahi. 2002, p97)

**٢.دامەزراوەی چاکسازی (Correctional institution):**

بەندیخانە لە هەرێمی کوردستان لە دوای دانانی سیستەمی ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٨) ناوەکەی لە بەندیخانەوە گۆڕا بۆ (دامەزراوەی چاکسازی) کە ژمارەیان لە هەرێمی کوردستان (٦) دامەزراوەی چاکسازییە یان بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی، لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک)، لەهەر شارێک یەک چاکسازی بۆ گەوران کە بەستراونەتەوە بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی/ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.(نوری، ٢٠٢١، ل١٥٢)

**٣.بەندکراو (Prisoner):** ئەو کەسەیە کە بۆماوەیەکی دیاریکراو یان بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەناو بەندیخانەکان یان چاکسازییەکاندا دەمێنێتەوە، تا ئەو تەمەنەی کە ماویانە لە ناوەوەی چاکسازییەکان تەواوی بکەن.(بن مسفر الوداعی، ٢٠٠٤، ص١٧)

بە پێی سیستەمی چاکسازییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەندکراوان ئەو کەسانەن کە لەلایەن دەسەڵاتێکی یاسایی تایبەتمەندەوە بڕیاریان لەسەر دراوە بە هۆیەوە لە چاکسازییەکان دەمێننەوە.(وەقائعی کوردستان، ژمارە، ٨٤، ٢٠٠٨).

**بەشی دووەم: توێژینەوەی پێشوو:**

توێژینەوەی (ڕێبین جەوهەر شفیق حوێزی) بە ناونیشانی (ڕەوشی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەندکراوان)، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران-هەولێر-٢٠١٥ ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژینەوەکە: زانینی ڕەوشی چاکسازی کۆمەڵایەتی لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی شاری هەولێر لە دیدو بۆچوونی بەندکراوان خۆیانەوە، هەروەها پێوانەی ڕەوشی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەندکراوانی چاکسازی گەورانی هەولێر لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان و

باردودۆخ و گوزەرانی بەندکراوان، توێژەر بۆ شیکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی پشتی بەستووە بە میتۆدی (وەسفی-پەسنی)، بەم پێیە تەوێژینەوەکە بە چەند ئامانجێکی سەرەکی گەیشتووە وەک: لەبەرێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێرو لە رووی (کۆمەڵایەتی)، بەندکراوان بەشێوەیەکی گشتی رازین، بەڵام نەبوونی شوێنی (خەڵوەی شەرعی) کێشەی بۆ دروستکردوون. هەروەها توێژینەوەکە دەریخستووە کە ڕەوشی چاکسازی کۆمەڵایەتی تایبەت بە (بواری پشکنین و پۆلێنکردن)ی بەندکراوان بەشێوەیەکی گشتی باشە، بەڵام شوێنی حەوانەوەیان باش نییە و بە پێی تەمەن و تاوانەکانیان پۆلێن نەکراون، بواری (پەروەردە و فێرکردن) لە ئاستێکی بەرزتردا دەبینن لەو ئاستەی کە پێشبینیان کردبوو، ڕەوشی (کارکردنی بەندکراوان) باش نییە و هەلی کارکردنیان زۆر کەمە، چونکە هیچ کارگەیەک لە چاکسازی گەورانی هەولێر بەدی ناکرێت، لە ڕووی (دەروونی)یەوە کێشەی نەبوونی پزیشکی دەروونیان هەیە و ڕەوشەکەیان پێیاش نییە هەروەها بەندکراوان لەڕووی (یاسای)یشەوە رازی نین و پێیانوایە یاسا و سزا بەیەکسانی بۆ هەمووان وەک یەک نییە (حوێزی ٢٠١٥) .

**بەراوردکردنی توژینەوەی پێشوو بە توێژینەوەکە**

هەردوو توێژینەوەکە لە ڕووی ئامانجەوە لەیەک نزیک، بەڵام میکانیزمی ئیشکردنیان جیاوازە، توێژینەوەکەی رێبین حەویزی پەنای بۆ توێژینەوەی چەندێتی بردووە کە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی بە وەرگرتنی نموونەی ٢٥٠ بەندکراو لە چاکسازی گەورانی هەولێر بەشێوەی هەڕەمەکی، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە چۆنێتییە و پشتی بە ئامرازی چاوپێکەوتنی زانیارییەخشی سەرەکی بەستووە و تیایدا نموونەکەی توێژەران و پسپۆرانە وەرگرتووە بەشێوەی ئامانجدار، هەروەها سیستەمی شیاندنەوە لەم توێژینەوەیە و توێژینەوەی پێشوو جیاوازە و گۆڕانی بەسەر هاتووە، بۆ نموونە لە ئێستا سیستەمی خەڵوەی شەرعی بوونی هەیە لە چاکسازیدا، بەڵام لە توێژینەوەکەی پێشوو پێشنیازکراوە هەبێت، بەڵام هێشتا نەتوانراوە خاڵ بەخاڵی یاساکە جێبەجێ بکرێ لەبەر نەبوونی تێچووی دارایی و هاوکارینەکردنیان لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە.

**بەشی سێیەم: میتۆد و هەنگاوەکانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا (سیاسەتی شیاندنەوەی دامەزراوەی چاکسازی و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەندکراوان پاش ئازادبوونیان لە بەندیخانە) ئاراستەی (چۆنایەتی- qualitative) بەکارهاتووە،

ئەم ڕێبازانە چەندین شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردەهێنن، وەک چاودێریکردن، چاوپێکەوتن، بابەتی پرسیارنامەی وەڵامی کراوە، ڕاپۆرتی زارەکی، ڕۆژنامە و شیکاری گوتار؛ هەموو ئەم ڕێباز و شێوازانە و لەناو هەریەکێک لەم ڕێباز و شێوازانەی توێژینەوەدا، کۆمەڵێک تەکنیک و ستراتیژی توێژینەوە پەرەی پێدراوە بۆ یارمەتیدانی توێژەرانی چۆنایەتی بۆ ئەنجامدانی کارە ڕۆژانەییەکانیان – چەمکسازیی پرۆژەی توێژینەوەکە، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان، و نووسینی دۆزینەوەکان. (Heigham.2009, p5).

توێژەرانی چۆنایەتی بە زمانی حاڵەت و زەمینەکان قسە دەکەن. جەخت لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوە تێر و تەسەلەکانی حاڵەتەکان دەکەنەوە لە پرۆسەیەکی سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و بە زۆری هەوڵ دەدەن ڕاڤەگەلێکی ماقووڵ کە سەبارەت بە زەمینە کۆمەڵایەتی مێژووییەکان هەستیار بن بخەنە ڕوو.

sjh@univsul.edu.iq

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا داتای چۆنایەتیمان کۆکردیتەوە و ئامانجمان تێگەیشتن بووە لە ڕەوشی شیاندنەوەی زیندانیکراوان لە پرۆسەی چاکسازیدا. ئایا پرۆسەکە کاریگەری لەسەر بەندکراو جێدێڵێ، هەروەها خستەڕووی میکانیزمی بەڕێوەچوونی پرۆسەی شیاندنەوە و کاریگەری پرۆسەی شیاندنەوە لەسەر دووبارەنەکردنەوەی تاوان. بۆ ئەو مەبەستەش بەپێی پرسیارە سەرەکییەکان توێژەر پەنای بۆ شیکردنەوەی تەوەر بردووە Thematic analysis واتە لە چەند تەوەرێکدا شیکردنەوەمان بۆ زانیارییە کۆکراوەکان کردووە. بۆ ئەو مەبەستە توێژەران لە چەند هەنگاوێکدا ئەم میتۆدە جێبەجێدەکەن: سەرەتا هەموو چاوپێکەوتنەکان دەنووسنەوە، لە هەنگاوی دووەمدا هەموو نووسینەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەخوێننەوە، دواتر کۆد بۆ ئەو زانیارییە کۆکراوەکان دادەنێن لەسەر بنەمای ئەوەی باسی چی دەکات، هەنگاوی دواتر دووبارە کۆدکردنەوەی نووسینەکانە بەپێی تەوەرەکان و ئەوەی کە دەشێ چ مانایەک بدەن. هەنگاوی کۆتایی ئەوەیە کە توێژەران ڕۆژێک بۆ دوو ڕۆژ لە داتاکان دووردەکەونەوە و دوای ئەوە دەگێڕینەوە سەریان و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەن بزانن دەتوانن چۆن بە باشترین شێوە شییکەنەوە.

دووەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە چاکسازی گەورانی هەولێر، هەروەها نموونەی توێژینەوەکەمان کۆمەڵێک (پێنج توێژەری ناو چاکسازی گەورانی هەولێر و بەرپرسی پێشووی دامەزراوەی چاکسازی گەوران و بەرپرسی هێزی جێبەجێکار لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازی و پسپۆڕێکی بواری زانستی تاوانناسی)، بەهۆی بەزەحمەت دەسکەوتنی ئازادبووانی چاکسازییەکە و بوونی بەربەست لەبەردەم دۆزینەوە و هەروەها وەرگرتنی زانیاری لێیان، توێژەر پەنای بردە بەر خوێندنەوەی ڕەوشی چاکسازییەکە لە ڕوانگەی توێژەران و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕان لەم بوارەدا.

ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە (٨) یەکەیە، لە ئاست و بەرپرسیارێتی و پێگە و ئەزموونی جیاواز، بۆ خوێندنەوەی وردی سیاسەتی شیاندنەوە لە دامەزراوەی چاکسازی هەولێر و بەراوردکردنی بەو سیاسەت و دەقە یاساییانەی لە وەقائیعی کوردستاندا هاتوون.

**سێیەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری ورد و قووڵ و دروست، هەروەها سروشتی توێژینەوەکە کە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە،(**qualitative research**) پشت بە ئامرازی چاوپێکەوتن بەستراوە بەشێوەی(**Key Informant Interviews**) واتە (**چاوپێکەوتنی زانیاریبەخشی سەرەکی**)، میتۆدێکی سوودبەخشە لە هەموو قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی دەستنیشانکردن، پلاندانان، جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن .بۆ نموونە دەتوانێت زانیاری لەسەر ڕێکخستنی چالاکییە پلان بۆ داڕێژراوەکان بدات کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر دیزاینی پرۆژەکە هەبێت .هەروەها دەتوانێت هۆکارەکەشی ئاشکرا بکات.(USAID. 1996, p1)

**بەشی چوارەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوەکە:**

بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لایەنی مەیدانی و هەنگاوەکانی خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە دەکەینە چەند تەوەرێک:

**١.ڕەوشی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی گەورانی هەولێر:**

***( مەبەست لە چاکسازیی گەورانی هەولێر، چاکسازیی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی (نێرە) لە سەرووی تەمەنی (٢٢)ساڵی)**

لەهەرێمی کوردستان لە دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ز، بەندیخانەکانی کوردستان کەوتنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی، لە شاری هەولێر بەندیخانەی (مەحەتە) و لە شاری سلێمانی (بنکەی گرتن و گواستنەوە) ئاوەدان کرانەوە و بوونە شوێنی ڕاگیراوانی سزادراوان لە هەرێمی کوردستان، ئەرکی بەڕێوەبردنی سپێردرایە پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٦ز) بیر لەوە کرایەوە بەندیخانەکان لە لایەن پسپۆڕان و فەرمانبەرانی مەدەنی بەڕێوەببرێت، لەسەر ئەم بنەمایە بەندیخانەکانی کوردستان ئامانجەکانیان لە سزادانەوە گۆڕا بۆ چاکسازیکردن.(نوری، ٢٠٢١، ل١٥١). لە ئێستادا چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەن بە پێی سیستەمی ژمارە (١) فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ساڵی (٢٠٠٨). بە پێی (سیستەمی هەرێم) لە ماددەی (٣) دەربارەی بەڕێوەبەرایەتییەکاندا هاتووە، فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی لە پایتەختی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازییەکان لە پارێزگاکان، لە ساڵی ٢٠٠٨وە سیستەمی سزادان لە بەندیخانە گۆڕاوە بۆ چاکسازی (وقائیعی کوردستان، ٢٠٠٨، ژمارە ٨٤).

یەکێک لەبەڕێوەبەرانی پێشووی چاکسازیی گەورانی هەولێر ، بەیەکەم بەڕێوەبەر دادەنرێت لەدوای گۆڕانی سیستەمی دانانی چاکسازی لە ساڵی ٢٠٠٨ کە بۆ ماوەی (٨ساڵ) بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی هەولێر بووە لە ماوەی (٢٠٠٨-٢٠١٦)، پێش ئەویش ماوەی (٨ساڵ) بەڕێوەبەری چاکسازی ئافرەتان و نەجەوانان بووە لە ماوەی (٢٠٠٠-٢٠٠٨)، ئاماژەی بەوەکرد کە لەسەرەتای وەرگرتنی چاکسازی گەوران هیچ سیستەمێک نەبوو لەسەری بڕۆن هەندێ ڕێنمایی هەبوون، بەڵام سیستەمێکی جێگیر نەبووە بۆ ئەوەی کارەکانیان لەسەر ڕێک بخەن، بەڵام دواتر پاش (٤)ساڵ بە هاوکاریی ڕێکخراوێکی سویدی توانیویانە هەندێ شت بنووسنەوە، بەڵام وەک باسی دەکات نەگەیشتوونەتە ئەنجام، پێیوایە ئێستا سیستەمێک هەیە لە چاکسازی گەوران بەڵام هەر نەگەشتوونەتە ئەنجامێکی کۆتایی یان جێگیر. ژمارەی بەندکراوان لە چاکسازی گەورانی هەولێر ئێستا نزیکەی (١٨٥٠) کەسە، بەپێی جۆری تاوان و تەمەن پۆلێنکراون، کە تیایدا سزادراوانی لە سێدارەدان و هەتاهەتایی و بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەریش لە خۆدەگرێ، سەرباری جۆرەکانی تاوانی وەکو(کوشتن و دەستدرێژی و تیرۆر و دزی و فێڵکردن و ...تد) کە هەمووان لە خۆ دەگرن. پسپۆڕێکی بواری یاسایی ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە ئاستێکی نێودەوڵەتی هەبێ بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی بە پێی دەقی یاسایی بەڕێوەبەراتییەکە بەڕێوە بچێ. لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی  چاکسازی لە هەرێمی کوردستاندا هیچ کەس بە بێ بەڵگەنامە و بڕیاری یاسایی و دادوەر ناخرێتە چاکسازییەوە کە خۆی لە (سیستەمی هەرێمی کوردستاندا) دەربارەی (**پێشوازی لە بەندکراو، پۆلێنکردن، خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی، کارکردن و چالاکییەکان، چارەسەر و چاودێری تەندروستی، پەیوەندی بەندکاراوان بە جیهانی دەرەوە، مۆڵەتی ماڵەوە و هێزی جێبەجێکردندا**) دەبینێتەوە.

دەستەی ئیداری یان کلێشەی دامەزراوەکە پێکدێت لە (بەشی کارگێری و ژمێریاری، یاسایی، توێژەری کۆمەڵایەتی، کتێبخانە بەشی داواکاری گشتی، تەندروستی، قوتابخانە و بەشی وەرشە).

بەڕێوەبەری پێشووی چاکسازییەکە ئاماژە بەوە دەکات کە سەری ڕمی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی توێژەری کۆمەڵایەتییە، دەڵێ کە چەند ژمارەی توێژەری کۆمەڵایەتیمان زۆر بێت ئەوەندە باشترە، باس لەوە دەکات پێویستە بەڕێوەبەر

sjh@univsul.edu.iq

خۆی توێژەری کۆمەڵایەتی بێ، چونکە لە ڕێنماییەکان دەڵێ پێویستە توێژەر لە دەرچوو ڕاهێنراوەکانی بواری کۆمەڵایەتی بن جا چ کۆمەڵناسی یان کاری کۆمەڵایەتی یا دەروونی بن، ئەگەر هەر نەبوو ئینجا یاسایی بێ، جەخت دەکاتەوە لەوەی کە ئەمە براوەتەوە کە نابێ جگە لەوانە هیچ بواری دیکە ببنە بەڕێوەبەری چاکسازی بە پێی یاسا، لە کاتێکدا کە ئەو توێژینەوە دەکرێ دوای بەڕیوەبەری پێشوو کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردووە تا ئێستا (٤-٥) بەڕێوەبەر دانراون و لادراون، ئێستا بە شێوەی کاتی بەڕێوەبەری چاکسازیی دهۆک سەرپەرشتی چاکسازی گەورانی هەولێریش دەکات. هەروەها بەڕێوەبەری پێشوو پێیوایە کە چۆن لەسەرەتای گۆڕینی سیستەمی بەندیخانە بۆ چاکسازی توێژەری کۆمەڵایەتییان هێناوەتە ناو چاکسازییەکە، چونکە ئەمان سەر بەوەزارەتی کاریش بوون، دەڵێ دەبوا لایەنی پەیوەندار کۆلێژی ئاداب و بەشی توێژەرانی کۆمەڵایەتی(کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی و دەروونی) دەستکراوە بن لە ناو چاکسازییەکان زۆرترین ڕێژەی دەرچووانیان لەوێ کاریان بکردایە، لەگەڵ ئەوەدا دەکرێ مامۆستاکانیشیان زۆر لە نزیکەوە سوودیان لێوەربگیرایە، لە ئێستادا تەنها (٢٠) توێژەر لە چاکسازیی گەورانی هەولێر هەیە لە کاتێکدا زیاد لە (١٨٥٠)بەندکراو هەن بە پێی ستانداردی جیهانیش بۆ هەر (٥ - ١٠)بەندکراو دەبێ یەک توێژەر سەرپەرشتییان بکات.

**٢. پلان و پرۆگرامی نێو چاکسازیی گەورانی هەولێر:**

سەبارەت بە داڕشتنی پلان لە نێو چاکسازیی گەوراندا بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی شیاندنەوەی بەندکراوان چەندین دید و بۆچوونی جیاواز هەن لەوانە: بەرپرسی پێشووی چاکسازییەکە ئاماژە بەوە دەکات کە شتێک نییە بەناوی پلان، ئەوەی ئێستا دەکرێ گەورەترین کێشەیە کە کەسێکی گونجاو نەکرێتە بەڕێوەبەر، چونکە کەسی گونجاو هەبێ شوێنەکەش باش دەبێت، ناکرێ کەسەکە شتێکی پێ نەبێ و ئەساسێکی نەبێ، چونکە لێرە وەک دەوڵەتانی دیکە نییە، سیستەم هەبێ، کە سیستەم نەبوو بەڕێوەبەر بە کەیفی خۆی ڕەفتار دەکات، چونکە سیستەم وادەکات پابەند بی پێی و دەبێ لەسەری بڕۆیت، هەروەها دەڵێ کە تۆ خۆت لە بوارەکەدا بیت و بچیتە ئەوێ ئەوا شارەزاییت هەیە و بە جدی دەتەوێ شوێنەکە بکەیتە چاکسازی، ئەو کاتە هەم شوێنەکە دەگونجێ هەمیش خەڵکەکە لە خۆت نزیک دەکەیەوە، بەڵام توێژەری جدی نەک هەموو کەسێک، بەرپرسی هێزی جێبەجێکاریش لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کە نووسەری کتێبی(چاکسازی سزادراوان)ە، باس لەوە دەکات کە ئەو بەرنامانەی کە هەن جیهانین، بەڵام (مطاطين-لاستيكى)، واتە بەپێی کۆمەڵگا گۆڕانیان بەسەردادێت، بۆ نموونە لێرە لە کوردستان ئەگەر بتەوێ بەندکراوێک سزا بدەی لە نێو چاکسازی دەیخەیتە ژووری (انفراد)ی تاکی، بەڵام لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی سزاکەی پێچەوانەیە واتە سزاکەی لە (انفراد)ی دەکەیتە ناو (کۆمەڵ)، باس لەوە دەکات کە ئێمە خۆمان سیستەممان هەیە لەهەرێمی کوردستان، کە بریتییە لە سیستەمی ٢٠٠٨ کە لەوقائیعی کوردستاندا جێگیر کراوە، لە لایەکی دیکە توێژەری کۆمەڵایەتی کە ماوەی (١٨)ساڵە توێژەرە لەم چاکسازییەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە سیستەمێکی جێگیرمان نییە توێژەران لەسەری بڕۆن بەڵکو دەکەوێتە سەر توانا و هێز و لێهاتوویی توێژەرەکان خۆیان چۆن ئیشیان لەسەر دەکەن، هەروەها چەخت دەکاتەوە کە ئێمە ئەوروپا نین چونکە سیستەممان نییە (بەندیخانە) بتوانێ لەگەڵ خێزانی خۆی بێ. بەرپرسی پێشووی توێژەرانیش لە چاکسازی کە ئێستا لە بەشی پلاندانانە دەڵێ: سیستەم نییە، بەڵکو پلانیان داوا دەکرد لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و هەر بەشێک لەسەر ئەم بنەمایە پلانی دادەنا، ساڵانە پلانەکان کۆدەکرانەوە و دیراسە دەکران و ڕێک دەخران ، هەروەها دەڵێ کێشە ئەوەیە پلان جێبەجێ ناکرێ، ئەگەر بە دواداچوون بکرێ بەدەگمەن شتەکان جێبەجێ دەکرێن، بەڵام هۆکاری سەرەکی جێبەجێ نەکردنەکە لەبەر بێ (پارەیی) بوو، پسپۆرەکەی بواری (یاسا)ش ئاماژە بەوە دەکات، پێویستە پلان و ڕێکارییەکان لە چوارچێوەی یاسادا بن، ئەمانە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان دەبێ

sjh@univsul.edu.iq

جێبەجێ بکرێ ئەوەش مەسروفی دەوێ، بۆ ئەم بەربەستە ماددیە پسپۆڕی یاساییەکە دەڵێ دەتوانین سوود لە بەندیخانەکان وەربگرین و وەبەرهێنانیان تێدا بکەین بۆ نموونە چاکسازییەکان کارگەیان بۆ دابنرێن، چونکە یاسا و دەق قابیلی (اجتيهاد)نییە. سەرباری هەموو ئەم بۆچوونانە، بەپێی بەدواداچوونی توێژەر لە ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی فەرمانگەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستاندا چەندین ماددەی یاسایی دارێژراوە بۆ هەریەک لە (حکومەتی هەرێم، وەزارەتەکان، وەزیر، فەرمانگەکان، بەڕێوەبەری گشتی، لیژنە هونەرییەکان، بەندکراو، (المودع) نەوجەوانان، چاکسازیی، هێزی رێکاری، (مأمور) بەرپرسی چاکسازی، الرقيب(چاودێر) و پاسەوانان) کە خۆی لە (٤٩)ماددە دا دەبینێتەوە، بە ڕوونی جەخت لەسەر چەندین سیستەم دەکات بۆ دامودەزگا چاکسازییەکان لە هەرێمی کوردستان کە چەندین بوار و بابەت لە خۆ دەگرن وەک: ( بەڕێوەبەرایەتییەکان، دەربارەی پێشوازی، پۆلینکردن، خوێندن، ڕاهێنانی پیشەیی وکارکردن، چالاکییەکان، چارەسەر و چاودێری، پەیوەندی بەندکراوان بە جیهانی دەرەوە، مۆڵەتیماڵەوە و هێزی جێبەجێکردن) کە تیایدا سەرجەم ڕێوشوێنەکان خراونەتەوەڕوو بۆ ئەنجامدان و جێبەجێکردنی خاڵ بە خاڵی دەقە یاساییەکان، ئەگەر بمانەوێ سەرنجێکی خێرا بدەینە یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان کە بە یاسای (نێلسن ماندێلا) ناسراوە، لە (١٢٢)بەندما پێکدێت و چەندین بابەت و تەوەری جیاجیای وەک (یاسای گشتی بۆ جێبەجێکردن، ئەو یاسایانەی لەسەر توێژی تایبەت جێبەجێ دەکرێن) کە هەریەک لەوانە چەند لایەنێک دەگرێتەخۆ: بەڕێوەبردنی دۆسیەکانی بەندیخانە، پۆلێنکاری نێوان توێژەکان، شوێنی بەندکردن، پاکوخاوێنی خودی(کەسی)، پۆشاک و پێخەف، خواردن، ڕاهێنانی وەرزشی، خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی، ڕێوشوێن و کۆنترۆڵکردن و سزادان، ئامرازەکانی بەستنەوە، پشکنینی بەندکراوان، زانیاریدان بە بەندکراوان لە بارەی سکاڵاکردنەوە، پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە، کتێب، ئایین، پاراستنی کەلوپەلی بەندکراوان، ئاگادارکردنەوە، بەدواداچوون، گواستنەوەی بەندکراوان، کارمەندانی بەندیخانە، پرۆسەی پشکنینی ناوەوە و دەرەوە، بنەمای ڕێنماییکردن، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراو، پۆلێنکاری ومامەڵەکردن وەک تاک، دەسکەوتەکان، کار، خوێندن و کاتبەسەربردن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چاودێری پاشکۆیی، ئەو زیندانیانەی کێشەی عەقڵی و تەندروستیان هەیە، بەندکراوانی ڕاگیراو، بەندکراوانی مەدەنی و ئەو کەسانەی کە ڕاگیراون بە بێ بوونی تۆمەت) (بڕیاری ژمارە()١٧٥/٧٠ لە ١٧/کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥) .

سەبارەت بەجۆری پرۆگرام و بەرنامەکانیان چۆنیەتی جێبەجێکردنیان چاکسازیی کۆمەڵایەتی هەڵگری ناوەکەی بێت و ببێتە ناوەندێکی شیاندنەوە بۆ بەندکراوان، پرۆسەی شیاندنەوەکە هەموو سزادراوێک دەگرێتەوە کە دەچێتە ناو چاکسازییەکە دوای ئەوەی حوکم دەدرێت، بەپێی ئاستی مەترسی تاوانبارەکە ئاستی پرۆگرام دەگۆڕێ و کاریگەری لەسەر ئیدراک و تێگەیشتنی بەندکراوەکە هەیە، ئەوانەی نایانگرێتەوە حوکمی(لەسێدارەدان و هەتاهەتاییە(مؤبد))، چونکە جاران ئامانج لە بەندیخانە بیرکردنەوە بوو لە تۆڵەکردنەوە، بەڵام چاکسازی واتە خستنە ژێر پرۆگرامێکی چاکسازی و پەروەردەکردن و دووبارە پەروەردەکردنەوەی بەندکراو بۆ ئەوەی تا کاتی ماوەی سزادانەکەی تەواو دەبێت، وردە وردە بێتە سەر هێڵی ڕاست و ببێتەوە کەسێکی شیاو بۆ نێو چاکسازییەکە وەکو یاساناسەکە باسی لێوەدەکات، تا چیتر کۆمەڵگا بەدەستییەوە نەناڵێنێ، کە ئەمە دوو ئامانج لە خۆ دەگرێت: یەکەم: لایەنێکی تیۆرییە، واتە زانستی کە زانایان لێیان کۆڵیوەتەوە بەپێی توێژینەوە باشترین شێواز بۆ چاکسازی گیراوەکان چەندین ڕێگا و بەرنامەی جیاواز ئاماژەی پێدەکەن کە هەیانە دەڵێ بەرنامەی پەروەردەیی بۆ دابنێن، هەیە دەڵێ فێرکردن یان بەرنامەی دینی، هەیە جەخت لەسەر لایەنی خۆشگوزەرانی وەک کاتبەسەربردن دەکات کە هەموو ئەمانە چوونە نێو چوارچێوەی دەقی یاسایی نەک هەر ناوخۆیی بەڵکو دەقی یاسای

sjh@univsul.edu.iq

نێودەوڵەتی ستانداردەوە کە چۆن ڕەفتار لەگەڵ بەندکراودا بکرێت، تاوەکو دوای ئازادبوونی ببێتە بەرنامە و لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەری پێشووی چاکسازی گەورانی هەولێر ئاماژە بەوەدەکات کە (قوتابخانە سەرەکیترینە کە گرنگیان پێداوە، پاشان خول و ڕاهێنان، دواتر خولی دروومان، ئاسنگەری و دارتاشی، پاشان خولی چاکردنەوەی سپلیت، خولی زمان و خولی ڕۆشنبیری) باس لەوە دەکات کە کەسی زیرەک وڕۆشنبیر و مامۆستای ئایینیان هێناوە بۆ ئەوەی سیمیناریان بۆبکات، هەروەها دەڵێ کێشەی گەورە لە وڵاتی ئیمەدا ئەوەیە: کە خەڵکی ئێمە بە سروشت توڕەن و فێرنەبوونە کۆنترۆڵی خۆمان بکەین، جۆرێک لە ڕێگرییشمان نەبووە وەک لە وڵاتانی پێشکەوتوو، دەسەڵات دیراسەی خەڵکەکەی خۆی بکات تا بزانێ کێشەی خەڵک چییە تا کار لەسەر ئەو لایانە بکات، بۆ نموونە بە حوکمی سزای پێ بژاردن کە لە یاساکانی هاتووچۆ جێبەجێ دەکرێ وای کردووە، پێتخۆش بێ یان نا پارەیە و خەڵک ناچار بە پابەندبوون دەکات، لە وڵاتانی ئەوروپی بەم سیستەمە ڕێگەیان لە زۆر کێشەی جیاجیا گرتووە، ئاماژە بەوە دەکا و دەڵێ برۆ لە کۆی (١٥٠٠بۆ ٢٠٠٠) بەندکراو برۆ لێی بکۆڵەوە هەمووی دەڵێ **(تووڕەبووومە ئەگەر نا ئەو کارەم نەدەکرد)،** چونکە باس لەوە دەکا دوای ماوەیەک لە زیندانیکردنی بەندکراوەکە دەهات دەیگوت بمزانیبا ژیانم ئاوای لێ دێ قەت وام نەدەکرد، بۆیە ئەوان لە چاکسازییەکەدا بۆ پرۆسەی شیاندنەوە زیاتر سەرنجیان لەسەر هۆشیارکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی بووە. بەرپرسی هۆبەی توێژینەوە و هونەریش ئاماژەی بەوەکرد کە پرۆگرامەکانیان دەوەستێتە سەر توانای ئەوان کە توێژەرەکانن، دەڵێ دەلیلێکیان هەیە، دەدرێتە هەموو بەندکراوێک کە دەچێتە ناو چاکسازی تیایدا ئەرک و مافی سزادراوی تێدا نووسراوە و لە تابلۆی هەڵواسینیش بەردەوام لەبەر چاویانە، لیژنەی هونەرییان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و ئاشتەوایی هەیە، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دیکە باس لەوەدەکات کە پرۆگرامەکانیان (پیشەیی، پەروەردەیی، کاتبەسەربردن(ترفیە)ن)، بەرپرسی هێزی جێبەجێکار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کە خۆشی ماوەی چەندین ساڵ کاری توێژەری کردووە لە چاکسازییەکان باس لە پرۆگرام و بەرنامەکانی ناو چاکسازی دەکات و دەڵێ کە ئەوان دوای ئەنجامدانی توێژینەوە بۆیان دەرکەوتووە دوو هۆکاری سەرەکی بوونەتە هۆی ئەنجامدانی تاوان بریتیین لە (نزمی ئاستی خوێندەواری و ناهۆشیاری لەگەڵ نزمی ئاستی ئابووری و دارایی)، بۆیە بە پێی ئەم تێگەیشتنە پرۆگرامی چاکسازی داڕێژراوە و شتێکی کراوەشە دەتوانرێ گۆرانی بەسەر دابێت، ئەوەی ئێستا جێبەجێ دەکرێ خۆی لەم چەند پرۆگرامەدا دەبینێتەوە:

١.**خوێندن:** لە هەموو چاکسازییەکان قوتابخانە بوونی هەیە و ڕاستەوخۆ لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە سەرپەرشتی دەکرێ و دانپێدانراوە و چەندین دەرچووی زانکۆیان هەیە، ئێستا لە چاکسازی گەورانی هەولێر (٢٠-٢٢) قوتابییان هەیە، جگە لە قوتابیی خوێندنی باڵا، بوونی کتێبخانەیەکی باش بۆ خوێندنەوە هەر کتێبێک دێتە ناو چاکسازی پێویستە دووربێ لە هزر و بیری توندوتیژی و توندڕەوی، سەرجەم کتێبەکان هەڵدەسەنگێندرێن لەلایەن چەند کارمەندێکی تایبەت بەوە و ئەنجامدانی چەندین سیمیناری جۆراوجۆر بۆ (کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر و خێزان)، ڕۆژانە چی پێویست بێ دەیکەینە پێشینەی کاری سەرەکیان.

٢. **خول و ڕاهێنانی پیشەیی:** لە چاکسازی بەبەردەوامی خول وڕاهێنان هەیە، وەکو خولی (چاکردنەوەی سپلیت، چاکردنەوەی موبایل، ئاسنگەری، دارتاشی و دروومان، مۆسیقا، خۆشنووسی، سەرتاشی، وێنەکێشان، زمان، کۆمپیوتەر، ڕستن و چین، نانەوایی)، کە ئەمانە بە پێی باوەڕ و مێنتالێتی بەندکراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ و دەخرێنە بەر خول، ئەوەی گرنگە بگوترێ زۆربەی کات بۆ کردنەوەی خولەکان، پشت بە توانا و لێهاتوویی و پسپۆری جیاوازی بەندکراوان بەستراوە،

بەتایبەت ئەوانەی بە مادده و تاوانی زۆر قورس بەندنەکراون  و مەترسیان لەسەر نییە. لە خولی زمانەکانی ئینگلیزی و کوردی عەرەبی داواکاری زۆر لەسەرە کە لەیەک خولدا ساڵی پار (٨٦) کەس بەشداربووە و (٤٦)کەسیان مەنهەجیان تەواو کردووە.

**٣.کارکردنی بەندکراوان:** ئەمەش بەیەکێک لە میکانیزمەکانی سەرقاڵکردن و ئارامکردنەوەی دەروونی بەندکراوانە وەک باسی لێوە دەکەن بەشێک لە بەندکراوان بێکاری و دەستبەتاڵی یەکێک بووە لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوان. بەڕێوەبەری پێشووی چاکسازیش ئاماژە بەوە دەکات، هیچ لەوە گرنگتر نییە بەندکراوێک سەرقاڵ بکەیت، جاری وا هەبووە لەگەڵ ١٥ کەس چاوپێکەوتن کراوە بۆ ئیشکردن ئامانجەکەی پارە نەبووە بۆیان ئەوەندەی سەقاڵکردنیان بووە، چونکە کە دیراسە کراوە دەرکەوتووە کە چەند گرنگە بێنە دەرەوەو خەریک بن، هەوڵیان داوە واسیتە بکەن بەس کاریان پێ بکرێ، لەبەر ئەوەی ژمارەی بەندکراوان زۆر بوونە جگە لەم جۆرە کارانە، چالاکیی دیکە هەبوونە وەک کاری دەستی لە ژوورەکانیان پێداویستی تایبەتیان کڕیوە بۆ کاری چنین و دەستڕەنگینی وەکو (مەدالیا و ملوانکە و دروستکردنی جانتا و تەسبیح و قاعیدەی کتێب خوێندەوە و چنین..) کە لە کاتی هاتنی سەردانیکەران بۆ لای بەندکراوان، شوێنی تایبەتیان تەرخان کردووە بۆ نمایشکردنی ئەم کارە دەستیانە و فرۆشتنیان، کە هەم هۆکار بووە بۆ سەرقاڵکردنیان هەم داهاتێکی بچوکیشیان بۆ خۆیان دەستەبەرکردووە، هەروەها بەڕێوەبەرەکە باس لەوەش دەکات کە کاتێ چۆتە وڵاتی سوید و چاکسازی ئەوێی دیوە وەرشەی ئیشکردنی ئەوێ ئەوەندە گەورەبووە نەیانتوانیووە هەمووی بەسەربکەنەوە ، بۆیە یەکێک لەو لایەنەی کە لە چاکسازی گەورانی هەولێر بایەخی پێدەدرێ بوونی وەرشەیە بۆ ئیشکردنی وەک (دارتاشی و کشتوکاڵی و شینایی و کاری هەویرکاری و شرنەمەنی و نانەواخانە ..تد).

**٤. کاتبەسەربردن و چالاکیی وەرزشی:** لەنێو چاکسازی گەورانی هەولێردا گرنگی بە چالاکیە جۆراوجۆرەکانی وەکو: پێشبرکێی خوێندنەوە، میوزیک، شێوەکاری، شانۆیی، وەرزش و پەروەردەی وەرزشی: (تێنس، تۆپی پێ کە توێژەرانیش هەندێجار بەشدارن، یۆگا، ڕێکردن و وەرزشی سویدی واتە بێ ئامێر).

**٥. سیستەمی خەلوەی شەرعی:** یەکێکی دیکەیە لەو سیستەمانەی بە بابەتێکی گرنگی ناو دامەزراوەی چاکسازی دادەنرێت، کە هەر بەندکراوێکی دانیشتووی هەرێمی کوردستان دەتوانێ خێزانی خۆی ببینێ و شوێنی تایبەت هەیە کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و گونجاو دوومانگ جارێک دەتوانێ خێزانی خۆی ببینێ و لەگەڵیدا بێت، ئەمەش یەکێکە لەو میکانیزمەی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر پرۆسەی شیاندنەوە و چاکسازیکردنی بەندکراو.

ئەمە سەرباری هەبوونی دەرفەتی سەردانیکردن و مۆڵەتی مەرجدار کە سێ مانگ جارێک یەک هەفتە بەندکراو دەتوانێ بچێتەوە ماڵی، هەرچەندە وەک بەڕێوەبەری پێشوو باسی دەکات بەشێک لەبەرپرسانی ناو چاکسازییەکە سەرەتا دژی ئەو مۆڵەتی مەرجدارە بوون، بەڵام ئەو دەڵێ هەنگاوێکی زۆر گرنگ و بوێرانە بوو، هەروەها پێیوایە کە ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر دروستکردنی متمانە لای بەندکراو و چاکسازی و مسۆگەرکردنی کاریگەری پرۆسە و سیاسەتی شیاندنەوە لەسەر بەندکراو بەجۆرێک کاریگەری هەبووە کە کاتێک مۆڵەتیان دەدرایە بۆ کاتی گەڕانەوەی بەندکراو بۆ نێو چاکسازییەکە لە کاتی خۆی زووتر دەگەڕایەوە، هەروەها بەکارهێنانی موبایل لە کاتی داواکردنیان و بوونی تەلەفزیۆن و چوونە دەرەوە لە ژوورەکانیان و چەندانی دیکە، کە هەموو ئەم بەرنامە و خزمەتگوزارییانە بەردەوام بوونییان هەیە و بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لە بەندکراوانی بەهرەدار و کەسانی پسپۆڕ لەدەرەوەی چاکسازی وەرگرتووە بۆ دانانی پلان و

ستراتیژی گونجاو و شایستە بە چاکسازی بەشێک لەو پسپۆڕ و شارەزایانەی کە بەردەوام لە چاکسازیدا سوودیان لێوەرگیراوە کۆمەڵناسان، دەروونناسان و مامۆستایانی توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایینی و شارەزایان و ڕاهێنەران بوون کە هۆکارێکی سەرەکی بوونە بۆ داڕشتن و دانانی پلانی تۆکمە و دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان چاکسازی و دەرەوەی چاکسازی، ئەمە سەرباری توانا و لیهاتوویی ئەم توێژەرانەی کە لە چاکسازی کاردەکەن وەک سەربازێکی ون هەموو ڕۆژ بە هەمان جدیەت و توانا و ماندووبوونەوە خەریکی ڕاپەراندنی کارەکانیانن، فشارێکی گەورەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەریان دروستبووە بەجۆرێک کە خۆیان زۆر جار پیویستیان بە ڕاهێنان و شیاندنەوە هەیە تاوەکو ئەم گوشارە زۆرەی لەسەریانە کەمبکرێتەوە و بتوانن بەردەوام بن، سەرباری خراپی باری دابینکردنی مووچە بە هەمان شێوەی کارمەندانی دیکەی دامەزراوە حکومییەکان، بە پێی زانیاری بەڕێوەبەری پێشوو کە خۆی لە نزیکەوە سەردانی چاکسازی وڵاتی سویدی کردووە، مووچەی مانگانەی توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەوێ بری (٣٥٠٠)دۆلاری وەرگرتووە تەنها پەیوەستیش بووە بە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ تەنیا(٦)بەندکراو.

***یەکەی توێژینەوە و هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە و پسپۆڕان:**

هەر سەبارەت بە پلان و پرۆگرامەکانی دامەزراوەی چاکسازی هەولێر و کاریگەری لەسەر پرۆسەی شیاندنەوە لەسەر بەندکراودا، لەناو هەموو چاکسازیەکدا یەکەی توێژینەوە هەیە کە مانگانە ٢ بۆ ٣ توێژینەوە ئەنجامدەدەن جا چ بە پێی وەرز بێ یان هەر مانگانە، سەبارەت بە بارودۆخ و ڕەوشی نێو چاکسازییەکە و بەندکراوان و بە دواداچوون بۆ بەندکراوان و هەروەها بۆ دانانی پلانی تایبەت بۆ نموونە بۆ وەرزی هاوین چ جۆرە چالاکییەک گرنگە و دەگونجێ لەگەڵیاندا، یاخود لە باردودۆخی بەندکراوان دەکۆڵنەوە لە هەر کێشە و باردۆخێکی نوێی ناو چاکسازییەکە، بەڵام وەک بەرپرسی هێزی جێبەجێکار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی باسی دەکات، نەیانتوانیوە بە هەماهەنگی لەگەڵ توێژەر و پسپۆڕانی دەرەوەی چاکسازییەکە توێژینەوە بکەن، هەرچەندە توێژەرێکی زۆر سەردانیان دەکەن بەمەبەستی توێژینەوە، بەڵام هیچیان ئەنجام و ڕاسپاردەی توێژینەوەکانیان نەهێناوەتەوە بۆ چاکسازی تاوەکو سوودیان لێوەربگرن، باس لەوە دەکەن کە زۆر کارمەندیان ناردۆتە دەرەوەی وڵات لە وڵاتانی ئەمەریکی و ئەوروپی وەکو وڵاتانی ئەسکەندەنافی (سوێد، نەویج، بەلجیکا، دانمارک و هۆڵەندا) بەمەبەستی ڕاهێنان و پێشکەوتنی توێژەرەکانیان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان ، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی سوێد ماوەی (٥)ساڵ کاریان کردووە لە کوردستان توانیویانە چاکسازی گەورانی هەولێر لە قۆناغێکەوە بگۆڕن بۆ قۆناغێکی دیکە، بۆ نموونە فۆرمیان لەسەر بنەمای ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە دروستکردووە کە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سوێد کردوویەتی لەگەڵیاندا کە ئەم فۆرمە لە (١٨) لاپەڕ پێکهاتووە، کە چەندین تەوەر و باسی وردی تێدا دەنووسرێ سەبارەت بە بەندکراو لەسەرەتای هاتنی بۆ ناو چاکسازییەکە، جۆری تاوان، باری ژیانی، لایانی تەندروستی و دەروونی و بوونی تاتوو یان هەر پەڵەیەک لە سەر جەستەی بەندکراو بەر لە تێکەڵبوونی لە چاکسازی و چەندان بابەت و تەوەری جۆراو جۆر، کە لە سەرەتای هاتنە ناوەوەی بەندکراو لە ژووری پێشوازی کە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ بۆ ٣ مانگ ئەم بەندکراوە لەم ژوورە دەبێت بە مەبەست و دانانی چۆنیەتی پلان بۆ ئەو بەندکراوە لە پرۆسەی شیانەوەی بەندکراودا، کە بە پێی سزاکەی کە چەند دەخایەنێ بۆی دادەنرێت. تا بزانرێت چ لایەنێکی لاوازە، جەخت بکرێتە سەر ئەو لایەنە. یان بەهرەو توانای بەندکراو لە چیدایە تا سوودی لێوەربگیرێ بۆ بەندکراوانی دیکە، ئەمە سەرباری بوونی ڕێنەرییەک کە سەرجەم ماف و ئەرکەکانی بەندکراو تێیدا بوونی هەیە و بە شێوەی سیمینار بۆی باس دەکرێ تابزانێ چۆن بتوانێ جێگەی خۆی بکاتەوە لە نێو چاکسازییە بە پێی ئەو سزایەی کە بۆی براوەتەوە.

sjh@univsul.edu.iq

جگە لەوە بەرپرسی پێشووی چاکسازییەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوان زۆر جار هەماهەنگیان هەبووە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی (NGO) بۆ دۆزینەوەی ئیش بۆ بەندکراوان دوای ئەوەی وادەی ئازادبوونیان نزیک بۆتەوە، دیراسەی بەندکراو دەکەن بۆ ئەوەی بزانن دەتوانن لە دەرەوە چ کارێک ئەنجام بدەن، بەجۆرێک ڕێکخراوەکان هاوکاربوون کە توانیویانە شوێنی تایبەت بە شارەزایی بەندکراو دابین بکەن بە هەموو کەلوپەلێک کە پێویستی بووە، بۆ نموونە بەندکراو هەبووە دووکانی بۆیەکردنیان بۆ ئامادەکردووە، تا لە دوای ئازادبوونی یەکسەر بچێتە سەرکاری خۆی، یاخود قەرزیان داوە بە بەندکراو و بەڵێنیان لێوەرگرتووە کە قەرزە بداتەوە، دوای دەسکەوتنی قازانج بەڵام ئەمە تەنها بۆ ئەوە بووە پارەکەی تەخشان و پەخشان نەکات، ئەگینا پارەکەی لێ وەرنەگیراوەتەوە، بەڵام وەک بەڕێوەبەری پێشوو باسی دەکات، ئەم هەماهەنگییە ئێستا نییە لە چاکسازی گەوران بەڵکو تەنیا لە چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان بەردەوامە. بەڵام بەردەوام لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ پسپۆڕانی بوارە جۆراوجۆرەکان بەمەبەستی هۆشیارکردنەوە و دروستکردنی بیری ناتوندوتیژی و شیاندنەوەی بەندکراو لە چاکسازیدا بۆ ئەوەی ببێتە تاکێکی ئاسایی و سوودبەخش بۆ کۆمەڵگا.

**٣. هەنگاوەکانی پرۆسەی شیاندنەوە و هۆکار و بەربەستەکانی جێ بەجێ نەبوونی:**

میکانیزمی پرۆسەی شیاندنەوەکە دەوەستێتە سەر جۆری تاوانی بەندکراو و ئەو ئامادەییەی کە بەندکراو هەیەتی و هەستی پێدەکرێ، وەک توێژەرێکیان باس لەوە دەکات، یەک لە خاڵە گرنگەکان، دانپێدانانی بەندکراوە بەو تاوانەی ئەنجامی داوە، وادەکات کە دڵنیا بیت ئەو کەسە ئامادەی گۆڕین و چاککردنی خۆیەتی، چونکە دەڵێ ڕاستگۆیی بەندکراو وادەکات بەئاسانی کاری لەسەر بکەیت و بەشێکە لە میکانیزمی کارکردنەکە، سەرباری ئەمە بەڕای بەشێک لە توێژەران، شێوازی جێبەجێکردن و هەنگاوەکانی پرۆسەکە لە بەندکراوێک بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، کە هەیانە بە ماوەی سێ مانگ هەست بەگۆڕانکاری گەورە دەکەی لە ڕەفتار و بیرکردنەوەکانیدا، هەشە ساڵ و دوو ساڵیشی پێدەچێ هیچ شتێک لەلای ناگۆڕێ، بۆ نموونە بەندکراوانی تیرۆری وەکو (داعش)، کە خۆیان جودا دەکەنەوە لە بەندکراوانی دیکە ناشچنە ژێر باری ئەو سیاسەتەی کە چاکسازی دەیگرێتەبەر بۆ پرۆسەی شیاندنەوەکە، بەجۆرێکن کە تەنانەت هەوڵدەدەن ئەوان کاریگەری دروست بکەن لەسەر بیرکردنەوەی ئەو بەندکراوانەی کە بە ماددەی دیکە سزادراون، وەک توێژەرێکیان ئاماژەی پێ دەکات لە (١٨٠٠) بەندکراو کە لە چاکسازی هەیە، ڕەنگە ئێستا (١٠٠٠)یان بووینە داعش، مەبەستی توێژەر ئەوەیە کە ئەوانەی بیری توندڕەویان هەیە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر بەندکراوەکانی دیکە، چونکە ئەو بەندکراوانە خۆیان هەڵگەڕاوەن لە کۆمەڵگا، بۆیە جاریوا هەیە لەداخان دەچنە ژێر کاریگەریی ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی کە دژی کۆمەڵگان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لەو بەربەستانەی کاریگەری هەیە لەسەر باش بەڕێوە نەچوونی پرۆسەی چاکسازییەکە، یان بەندکراو هەیە مان دەگرێت، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی دێت بۆ لایان و بەدواداچوون دەکات، بەڵام وەک توێژەرێک باس دەکات ئێمە وەکو توێژەر هەرچەند داواکاری و کێشەمان هەبێ بۆ ڕاییکردنی کارەکانی ناو چاکسازییەکە هەر ئاوڕیشمان لێ نادەنەوە، بۆ نموونە بەندکراو هەیە (لێبووردن)ی بۆ دەردەچێت بەڵام پێی خۆش نییە چونکە پێیوایە لێرە ناوی گەورەتر دەبێ، وەک توێژەران باسی دەکەن، بەندکراوان بە ئاسانی دەنگیان دەگاتە ناو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، چونکە پشتیان بە ڕاگەیاندنەکان بەستووە، هەروەها باس لەوە دەکەن کە چەند هۆکارێک بووەتە هۆی هاتنی بەندکراوان بەتایبەت بەشێکیان کە بژێوی ژیان وای لێکردوون، بەشێکیشیان ڕاگەیاندن ڕۆڵی گەورەی هەبووە.

سەرباری نەبوونی سیستەم (وەک توێژەرێک کە ماوەی ١٨ ساڵە لەوێدا کاردەکات باسی دەکات)، هەوڵدەدرێ ئەم بیرکردنەوە تیرۆری و مەترسیدارانە بهێنرێتە نێو چاکسازیەوە، بۆ نموونە بە شێوەی هێنانی کتێب، کە بەندکراوان

sjh@univsul.edu.iq

بەشێوەیەکی بەرچاو کتێب دەخوازن بۆ خوێندنەوە، بەشێک لەو کتێبانەی کە بۆیان ڕەوانە دەکرێ کاردەکاتە لەسەر بیری توندئاژۆیی و یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە لە کۆمەڵگا، یان کتێبی وەک شێوازی دروستکردنی ئامێری خەتەرناکی وەک دروستکردنی بۆمب و چەندان ئامێری دیکە بە شێوازی زیرەکانە بە بێ ئەوە کەسی دیکە هەستی پێ بکات. بۆیە لە ماوەی پێشوو (١.٥)تەن کتێبیان دوورخستۆتەوە کە کاریگەری هەبووە لەسەر بیری توندڕەوی و فرۆشتوویانەتەوە. هەروەها وەک توێژەرێکیان باسی دەکات ئەو کەش و هەوایەی بۆ بەندکراو لێرە بەردەستە نەتوانراوە بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی دروست بکرێت، تەنانەت هەندێ جار دەستوەردەدەنە ناو کاروباری تەکنیکیشیان، لێرەدا توێژەران ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر و چالاکی وا دەبینن کە وەک سەربازیکی ون کارەکانیان ڕادەپەڕێنن لە کاتێکدا بەراوردی بوونی توێژەر بە ژمارەی بەندکراو ناکرێ، سەرباری ئەمانە توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە یەکێک لە کێشە گەورەکانی ناوچاکسازییەکە بوونی سزادراوی (لەسێدارەدان و هەتاهەتاییە)، چونکە ئەوان هیچ ئومێدێکیان بۆ ئازاد بوون نییە، بۆیە زۆربەی ئەو کێشانەی لەناو چاکسازی دروست دەبێت، ئەوانن کە نە لە سزا دەترسن نە باکیان بە هیچ هەیە.

چوارچێوەی ئیشکردنی سزادراوان لە چاکسازی کە ئامانج لێی گۆڕینی ڕەفتاری بەندکراوەکەیە هەر یەک کەس دەتوانێ (٦)مانگ لەسەر ئیشێک بێت تا دەرفەت دەدرێ بە هەمووان، بەڵام وەک بەرپرسی هۆبەی توێژینەوە و هونەری باسی دەکات دەرفەتی زیاتر بۆ (**کەمئەندامانە و دواتر خێزانداران ئینجا سەڵتەکان)،** کە ناتوانرێ (واسیتە) بکرێ. بۆ ئەوەی کار بدرێ بەبەندکراوان، پێویستە چەند هۆبەیەکی ئیداری ڕەزامەندی بدەن وەکو: (یاسایی، هێز، توێژەران، بەشی پێشوازی) کە زیاتر کارەکانی (چێشتخانە، فڕن، کتێبخانە، فرۆشگە(حانوت)، وەرشە، شارەوانی، باخەوانی و جلشۆرین)، کە لەهەمووشی پارە دەبەخشرێ بە بەندکراو لە بەرامبەر ئیشکردنیان، ئەم پارەیەش چاکسازییەکە خۆی دابینی دەکات نەک (بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی)، ئەو بەندکراوانەش کە سزادراون بەهۆی ڕەفتاریان لەناو بەندیخانە ئیش وەرناگرن، وەک (ئۆفەرێک) ئەگەر بەندکراو ڕەفتاری خۆی چاک بکات کاری پێدەدرێ، بۆ ئەوانەش کە ئیش دەکەن قاوشیان جیاوازە بە پێی جۆری تاوان و تەمەن و مەترسییان دابەشکراون، ئەوانەشی کە قوتابین یەک مەمەڕیان هەیە لە قاوشێکی تایبەت کاردەکەن، زۆرجار گۆڕینی ڕەفتار وەک میکانیزمێک بەکاردێت بۆ باشبوونی ڕەفتاری بەندکراو کە بە هۆی باشبوونی ڕەفتارییەوە دەتوانێ (مۆبایل) بەکاربهێنێ بەشێوەی (ڤایبەر) بە دەنگ و ڕەنگ لەگەڵ خێزانەکانیان لە پەیوەندیدابن، سەردانی تایبەتی هەبێ و مۆڵەت وەربگرێ لەگەڵ (خەلوەی شەرعیش) بۆ چاکبوونی ڕەفتاریان.

وەک توێژەران باسی دەکەن بە هیچ شێوەیەک (لێدان) بوونی نییە، یەک کەیسیشیان هەبووە وەک (دفاع عن نفس)بەرگری لە خۆکردن بووە، بەڵام سزادانی بەندکراوێک لەبەرامبەر هەر ڕەفتارێکی نەشیاو بریتییە لە قەدەغەکردنی (تەلەفۆن، سەردانیکردن و بردنە ژووری تاکەکەسی(انفراد))، بەڵام ئەوانەی سزای قورستر دەدرێن، وەک (نەقلکردن-گواستنەوەی) لە چاکسازیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە ,هەروەها ئەوانەی بە کاری سیخوڕی(جاسوس) بەندکراون کاریان پێنادرێ لە چاکسازییەکە و ئەوانەش کە بە سزای (تیرۆر) بەندکراون هەندێ کاریان پێ نادرێ کە کە لەدەرەوە دەکرێن وەکو (باخەوانی و هی دیکەش).

وەک باسی دەکەن تاکەکەس کە هیچ (مخالفە) خەتایاکیان نەکردووە توێژەرانن کە کاری خۆیان بە باشی دەکەن کە بەرکەوتەی ڕاستەوخۆشیان هەیە لەگەڵ بەندکراواندا، ئەوانەی دیکە هەمووی (خەتا)ی هەیە کە لێخۆشبوونیش هەبووە بۆ سەرپێچیکاران هەتا پێش (٢٠٢١/١/١)، بە پێی زانیاری توێژەر لە ساڵی پارەوە تا ئێستا زیاد لە چوار (بەڕێوەبەر)

گۆردراون و لەئێستادا بەڕیوەبەری چاکسازیی دهۆک بە شێوەی کاتی ڕاسپێردراوە بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازی گەورانی هەولێر.

**٤. کاریگەریی پرۆسەی شیاندنەوە و بەدواداچوونی بەندکراوان:**

سەبارەت بە کاریگەریی پرۆسەی شیاندنەوەکە لە بەندکراوێک بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەگەر بێتوو دیراسەی بکەین یان وێنەیان بگریت دەزانی کە چەند گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریدا ڕوویداوە، بۆ نموونە بەندکراو هەبووە دوای ئازادبوونی پەیوەندی پێیانەوە کردووە دەڵێ بەو ڕێگایەش دانایەم کە دەچێتەوە سەر چاکسازی، وەک بەڕێوەبەری پێشوو باسی لێوە دەکات، هەشیانە دوای ماوەیەک دووبارە هاتۆتەوە نێو چاکسازی گوتوومانە خۆ تۆکەسێکی باش بووی چۆن دیسان تاوانێکی دیکەت کردەوەو هاتوویەتەوە، بەندکراوەکەش دەڵێ بە ئەنقست هاتمەوە لە پێش موکافحە مۆبایلەکەی دەستداوەتێ و ڕایکردووە وەکو دز تاوەکو بێتەوە نێو بەندیخانە، دەڵێ لە دەرەوە ژیانی نییە، جێی نییە، کەسی نییە، دەڵێ لێرە لە چاکسازی سێ ژەم خواردن، وەرزش، دەڵی زۆر ئارام و مورتاحم لێرە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی شیاندنەوە کاریگەری زۆر هەیە لەسەر بەندکراوان بەشیوەیەک کە بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠٢٣، (٣٨٠) بەندکراو لە چاکسازی گەورانی هەولێر سوودیان لە پرۆسەی شیاندەوەکە وەرگرتووە و ژمارەی دووبارە گەڕاوەکانی چاکسازی هەولێریش ١٣٢ کەس بووە، کە زۆربەیان ئەوانەن کە بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن یان دزی، بەڵام وەک بەرپرسی بەشی هێزی جێبەجێکار لە چاکسازی گشتیی باسی دەکات، ماددەی هۆشبەر کۆنترۆڵ ناکرێت، چونکە بە پێی یاسا لە ئێستادا ئەوان تاوانبار نین بەڵکو ئاڵوودە بوون، بۆ پێویستیان بە چارەسەرە نەک لە چاکسازی بن، هەرچەندە لە ئێستادا سەرقاڵی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەتن لە هەولێر بۆ شیاندنەوەی ئەوانەی ئاڵودەبووی ناو چاکسازییەکانن و چیتر وەکو تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ و دەڵێ ئەو فشارە زۆرەی لەسەر چاکسازییەکەیە لە ڕووی ژمارەوە کەم دەکاتەوە.

بەڕێوەبەری پێشووی چاکسازییەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بەشێک لەوانە لەناو چاکسازی شێوەی تۆڕی دروست دەکەن، چونکە ناتوانرێ لە چاکسازییەکە بە هۆی ژمارەی زۆری بەندکراو و نەبوونی جێگە بۆ هەر هۆڵێک لە ١٠ بۆ ٢٠ تا ٣٠ بەندکراو هەیە کە ژمارەکە زۆرە، دەڵێ نەتوانراوە بە پێی ستاندارد بە گوێرەی جۆر و مەترسی تاوانەکە هەمووان بە باشی پۆڵێن بکەن بۆ نموونە یەکێ دزی کردووە دەکەوێتە ژوورێک کە بەندکراوی تێدایە بە سزای کوشتن بەندکراوە، بەم شێوەیە کاریگەریان دەبێ لەسەر یەکتر، باس لەوەش دەکەن کە خراپترین شت کە کاریگەریی گەورەی هەیە، بوونی بۆشاییە لە ڕووی دابینکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی چونکە گەر توێژەر نەبوو بۆشایی دروستدەبێ و بەندکراوەکانی دیکە بۆشاییەکە پڕ دەکەنەوە.

ئەوانەی لەو چاکسازییە دەخوێنن ژمارەیان ١٤٢ کەسە، خاوەن پێداویستی تایبەت ٢٣ بەندکراوە، بەکۆی گشتی هەر شەش چاکسازی کوردستان ٢٠٠٠بەندکراو سوودی لە پرۆسەی شیاندنەوە وەرگرتووە.

بەڵام وەک توێژەران ئاماژەی پێدەکەن، بە هۆی نەبوونی سیستەم لە کوردستان نەیانتوانیوە بەدواداچوون بکەن بۆ ئازادبووانی چاکسازی هەولێر، ئەمە تەنیا لە چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانان پەیڕەو دەکرێت، تەنیا فۆڕمێکیان هەیە بۆ ئەوانەی ئازاد دەکرێن.

sjh@univsul.edu.iq

پەیوەندیی باشیشیان لەگەڵ دەستەی مافی مرۆڤ هەیە لە کوردستان کە ئەوان سندووقێکی سکاڵایان لە هۆڵەکانی چاکسازی داناوە و کلیلەکەشی لای خۆیانە، بەندکراوان دەتوانن سکاڵاکانی خۆیان لەو ڕێیەوە بگەیەننە دەستەی مافی مرۆڤ، بەڵام بەدواداچوونی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لاوازە.

**بەشی پێنجەم: دەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە**

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:**

١. لەساڵی ٢٠٠٨ سیستەمی سزادان لە بەندیخانەوە گۆڕاوە بۆ چاکسازی، تا ئێستا (٦) چاکسازی لە هەرێمی کوردستان هەن.

٢. هیچ پەیوەندییەک نییە لە نێوان ئازادبووان و خێزان لەگەڵ دامەزراوەی چاکسازییەکە.

٣. بەندکراوانی سزای (لە سێدارەدان و هەتاهەتایی)ش لە چاکسازییدا هەیە لە کاتێکدا پرۆسەی شیاندنەوە ئەوان ناگرێتەوە، هەروەها بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر هەر لە چاکسازی کۆمەڵایەتیدان لە کاتێکدا بەپێی یاسا ئەوان بە تاوانبار هەژمار ناکرێن.

٤. نابەرامبەری هەیە لە ڕووی ژمارەی بەندکراوان کە ١٨٥٠ بەندکراوە لەگەڵ ژمارەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە (٢٠)کەسن.

٥. بەربەست هەیە لە ڕووی توانای دارایی و مرۆیی و دامەزراوەیی

٦. لە ماوەی (٨)ساڵدا زیاد لە (٥)بەڕێوەبەر لابراون لە چاکسازییەکە کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبووە.

٧.. بەندکراوان دەتوانن کار بکەن لە نێو چاکسازییەکەدا، بەڵام کارگەیەک نییە بۆ لەخۆگرتنی زۆرترین ژمارەی بەندکراوان.

٨.. ژمارەی بەندکراوی گەڕاوە بۆ نێو چاکسازی بەپێی ئاماری ٢٠٢٣، ١٣٢ بەندکراوە.

٩. هەبوونی سیستەمی مۆڵەتپێدان و خەلوەی شەرعی.

١٠. تائێستا (٣٨٠)بەندکراو سوودی لە پرۆسەی شیاندنەوە بینیووە.

**پێشنیاز و ڕاسپاردە:**

١. دامەزراندنی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ چاکسازییەکە وەک پێویست.

٢. باشترە بەڕێوەبەر لە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی یان یاسایی بێ.

٣. .پێویستە سزادراوانی هەتاهەتایی و لە سێدارەدان و تیرۆر ببرێتە دەرەوەی چاکسازی.

٤. دراسەکردنی کۆمەڵگا لەلایەن حکومەتەوە بۆ زانینی هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوان.

٥.. دابینکردنی شوێنی فراوانتر بۆ چاکسازییەکە تا پرۆسەی شیاندنەوەکە باشتر بەڕێوە بچێت.

٦. دروستکردنی پەیوەندی چاکسازیەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکان و NGO، بەمەبەستی هاوکاریکردن.

٧. بەدواداچوون بکرێ بۆ بەندکراوان دوای ئازادبوونیان لە چاکسازیدا.

٨. وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بایەخی زیاتر بدات بە چاکسازییەکان و پێداویستییەکانیان.

٩. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەک تایبەت بە شیاندنەوە، سزادراو(سزای سووک) بەر لە وادەی تەواوبوونی سزاکەی لە (٣) مانگ بۆ یەک ساڵ ئازاد بکرێت، بەمەرجی پەیوەستبوونی بەو بەڕێوەبەرایەتییەوە کە خولی تایبەتی بۆ دادەنێت بۆ گەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگا.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:**

١. حوێزی، ڕێبین جوهر شفیق، ڕەوشی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەندکراوان-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران-هەولێر، ٢٠١٥.

٢.(نوری، ڕێکان ڕزگار، چاکسازی سزادراوان، چاپی یەکەم ٢٠٢١، هەولێر، کتێبخانەی تەبایی/هەولێر)

٣.(وەقائیعی کوردستان، ژمارە (٨٤) چاپی یەکەم-یاسای سیستەمی ژمارە (١)ساڵی (٢٠٠٨)ی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان).

٤.بن مسفر الوداعی، د.سعید، فقة السجن و السجناء- ، جامعة تایف العربیة للعلوم الامنیة، الریاض. الطبعة الاولی.٢٠٠٤.

5. Heigham. J and Croker. R. A (2009) Qualitative Research an Applied Linguistics a Practical Introduction, Palgrave Macmillan, p5.

6. Performance Monitoring and Evaluation tips, USAID Center for Development Information and Evaluation (N2, 1996).

7. Wahi. N (2002) A study of rehabilitative penology as alternative theory of punishment. (volume14, National law school of India Review.

sjh@univsul.edu.iq